# پەرلەمانی مردووان

**ئەمجەد شاکەلی**

پەرلەمانی کوردستان وەک پیشەی هەموو جارێکی، دەستەی ئەشهەدوبیللائاسا، یەکسەر بەگرێی ملدا دەدات و دەستووره ناتەواو و ئیفلیجەکەی عیراقی پێ پەسەندە و بە هیچ نالێ "نا". ئەو دەستوورەی، کە وشەی فیدرالی لە نێوی عیراق کردووەتەوە و سامانی سروشتی داوەتە دەست نێوەندەوە و باس لە مافی چارەنووسی کوردستان ناکات و کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی وەک کەرکوک تا کۆتایی 2007 وەک خۆ دهێڵێتەوە و سنووری کوردستانیش تێیدا، هەر ئەو سنوورەیە، کە سەددام حوسەین دایناوبوو، پەرلەمانی کوردستان یەک خاڵی نەئێنیی تێدا نەدیت، ئەوە چ پەرلەمانێکە! ئەوە پەرلەمانە یا یانەی فەرمانبەر و مووچەخۆر و نوێنەرانی دەسەلاتە! ئەوانە پەرلەمانتارن یا کۆمەڵە قەل و تووتییەکن لە هۆڵێکدا کۆبوونەوە و هەر کە ڕێبەرانیان گوتیان یاڵلا ئیدی ئەوانیش سەریان بۆ دەلەقێنن و دەیکەن بە قیرەی "بەلێ بەلێ"!. پەرلەمانی کوردستان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەنجومەنە نیشتمانییەکەی حیزبی بەعس و سەددام حوسەیندا نییە، چونکە لە تەواوی جیهاندا تەنێ ئەو ئەنجومەنەی بەعس وشەی"نا" ی تێدا بەکار نەدەبرا و هەمووان دەبوو بە "ئا" و "بەلێ" دەست بلند بکەنەوە. ئەو گەڕەلاوژەیەی لە پەرلەمانی کوردستاندا بە نێوی دەنگدانەوە جێبەجێ دەکرێت، تەنێ نواندنێکی شانۆیی و پێشاندانێکی رووکەشە، دەنا هەموو کار و بڕیار و قانوون و قسەوباسێک، کە لەوێ دێتە گۆڕێ، هەر پێشەکی بڕیاری لە سەر دراوە و هەردوو زلحیزب(یەکیەتیی و پارتیی) نەخشەیان بۆ داناوە و تەواوی ئەندامانی پەرلەمانیشیان تێگەیاندووە، کە چۆن بکەن و چ بڵێن. ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، وەک تەواوی نووسەر و بەناو "ڕۆشنبیر" و قەڵەمفرۆش و بەرپرس و کارگێڕ و خەڵکە حیزبییەکان، لە پێناوی پاراستنی خۆشگوزەرانی و ژیانی تایبەتی و مووچە و ڕابواردن و کەیفوسەفا و پارەوپووڵ و بەزمی دیکەی خۆیان، هەرگیز وشەی "نا"یان بە سەر زاردا نایەت و لە خۆیانی تێکنادەن. ئەگەر وا نەبێت چۆن هەرچی بڕیارێک یا پێشنیازێک یا کێشەیەک دەچێتە پێش ئەو ئەندامانەی پەرلەمان، ئەوان بێ سێودوو و دەسبەجێ "بە کۆی دەنگ" بڕیاری لە سەر دەدەن و پەسەندی دەکەن!. "بە کۆی دەنگ"، تەنێ لە پەرلەمانە پاشکۆ و سست و بێگیان و مردووەکاندا ڕوودەدات، کە پەرلەمانی کوردستان نموونەیەکی هەرە لەبەرچاویانە. ئەگەر مردووان پەرلەمانێکیان هەبووایە، هەر پەرلەمانێکی وەک ئەوەی کوردستانیان دەبوو، ئەگەر چالاکتر و باشتریش نەبووایە.

**2005/8/26**